

# کانگارۆ لە گیرفان بنێ!

هەموومان وشەی کانگارۆمان بیستووە کە ناوی گیاندارێکە و لە ئوستراليا دەژی، بەڵام لەم دواییەدا وەك كۆمپيوتەرێكی گيرفانی ســەركەوتوو دەيناســين.. كۆمپيوتەرەكان هەروەك لە چەندين ژمارەی ديكەشدا هەواڵمان لەسەر بڵاوكردوونەتــەوە بچوك و بچووكتر بونــەوە بەقەد قەڵەمێكيان لێهات، ئيدی كێشــەی شوێن گرتنی كۆمپيوتەر نەما.. كۆمپيوتەری kangaroo كــە لەلايەن كۆمپانيای Infocus بەرهەمهاتــووە، بەقــەد مۆبايلێكی بچوكە يان وەك هاردێكی خاريجی دەچێت، شوێنی دانانی هەموو شتێكی هەيە تەنانەت دەكرێــت تەبلێتێكيــش وەك شاشــە دابنێی. خێراييەكی زۆر باشيشــی هەيــە، رامەكەی دوو گێگابايتــە، شــوێنی داكردنيشــی ٣٢ گێگابايتە و دەكرێ هەتا ١٢٨ گێگابايتيش زياد بكرێ. ويندۆز ١٠ی لەسەرە، نرخەكەشی زۆر گران نييە.




# كۆنترۆڵێكی جۆكەر

زۆربەی ئامێرە كارەباييەكانی ماڵەوە ريمۆت كۆنترۆڵی تايبەت بەخۆيان هەيە وەك تەلەفزيۆن، ســپيليت، سەتەلايت، گلۆپ...تاد. رەنگە ئــارەزوو بكەی لەبری ئــەو هەموو ريمۆت كۆنترۆڵانە يەك ريمۆت كۆنترۆڵ هەبێ، پسپۆڕانی بواری تەكنەلۆژيای نوێ ئەم ئامانجەيان هێناوەتە دی، ريمۆت كۆنترۆڵی جۆری B.Oneيان بەرهەم هێنــاوە، لەرێگای ئەوەوە زۆر ســتاندەری پەيوەندی وەك بلوتــوس، وای-فــای، DLNA ..تاد دەتوانــی بە ئامێرەكانی ديكەوە پەيوەند بدرێــت. ريمــۆت كۆنترۆڵەكە لەگەڵ گشــت ئامێرەكانی ماڵەوە دەگونجێت، تەنانــەت لەگــەڵ تەلەفزيۆنە كۆن و كلاســيكييەكانيش. پرۆگرامێكــی تايبەتيش هەيە كە زانيارييەكان بۆسەر مۆبايل دەگوازێتەوە و بەجۆرێك دەكرێت لــە مەودايەكــی دوورەوش ئامێرەكانی ماڵەوە كۆنترۆڵ بكەی.



# پارەی تێبخە چيرۆكت دەداتێ

مۆبايلە هۆشــمەندەكان، تەبلێت و كۆمپيوتــەرەكان و لەم دواييەش كاتژمێرە سمارتەكان بوونە بەشێك لە ژيانی ديجيتالی ئێمە.. ئيدی لەمەولا كەم كەس كاتی خۆی بە خوێندنەوەی كتێب بەتايبەتی ئەگەر چيرۆك و رۆمان بێت تەرخان دەكات. بۆ ئەم مەبەستە بەرپرسانی شاری گرۆنۆبلی فەرەنسە بڕياریاندا چەند ئامێرێك لە شاردا دامەزرێنن تاكو جارێكی ديكە هانی خەڵك بدەن بۆ چيرۆك خوێندنەوە. ئامانجی سەرەكی ئامێرەكە هاندانی خەڵكە بۆ خوێندنەوە. شێوازی كاركردنی ئامێرەكەش بەم جۆرەيە لەســەرەتادا پارەيەكی ئاسن دەخەيە ناوی و پاشان يەكێك لە سێ فەرمان كەلەسەر شاشەی ئامێرەكەيە دادەگری، فەرمانەكانيش درێژی و كورتی چيرۆكەكە نيشان دەدەن. دوای ئەوە ئامێرەكە كورتە چيرۆكێكی لە گۆترە لەســەر كاغەزێك چاپ دەكات و پێشكەشی دەكات.




# مۆبایل دەبێتە تەرازووی زێڕنگەری

مۆبایل شــوێنی کاتژمێر و ریکۆردەر و کامێرا و چرا لایت و..تادی گرتۆتەوە، لە داهاتوودا رەنگە شوێنی زۆر ئامێری دیکەش بگرێتەوە.. هەروەك دەبینن لە زۆر بواری پزیشــکیدا کاری پێدەکرێت و بۆ پیوانەی کالۆری و ژماردنی هەنگاوەکان لەبواری وەرزشیشدا سوودی لێدەبینذرێ..لە نوێترین تەکنەلۆژیادا کە بە تەکنەلۆژیای ٣D Touch بەناوبانگە و لە مۆبایلی ئایفۆن شــەش و لــە یەکێك لە مۆبایلەکانی هواویدا خراوەتــەڕوو بەهۆیەوە مۆبایل ئەو تەنەی کە بەری دەکەوێ دەزانێ زەختەکەی چەندە، ئەپلکەیشنی plum-om-meter کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادە کراوە بەراوردی قورسایی دوو شت دەکات، بەڵام شتی بچووك وەك دوو سێو... هەربۆیە چاوەڕوانی دەکرێت ئەم تەکنەلۆژیە لەداهاتوودا لەبری تەرازوو بۆ کێشــی بچووك سوودی لێببیندرێ و بە مووش هەڵەی تێدا نەبێــت.. بۆ نموونە بۆ کاری زێڕنگەری کە پێویستی بە وردبینییەکی زۆر هەیە.




## لە هەوادا تایب بکە

رەنگە بە خەیاڵیشــتاندا نەهاتبێت کە رۆژێك بێت بەبێ کیبــۆرد تایب بکەی، بۆ تایبکردن حەتمەن پێویستت بە کیبۆرد دەبێت جا چ مەجازی بێت یان کیبۆردی حەقیقی.. بەڵام بەو ئامێرەی کە لە شێوەی دەستکێش واتە (پەنجەوانە)یەك دەچێت و لە پەنجە دەخرێت، پەنجەوانەی manus کاتێك لە پەنجە دەکرێت بەهۆی هەســتەوەرەکانی و تەنیا بە جوڵە پەنجەکان دەکرێت تایب بکەی بەهۆی بلوتوس بە کۆمپیوتەر یا مۆبایل پەیوەند دەدرێت.




## رۆبۆتێکی بچووک بۆ قسەکردن لەگەڵ شۆفێر

کۆمپانیــای تویۆتا کە یەکێکە لە کۆمپانیا مەزنەکانی بواری بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێل لەم دواییەدا رۆبۆتێکی بچووکی بەرهەم هێناوە بۆ ئەوەیە کاتێك شۆفێر بێ تاقەت دەبێت و خەوی بەسەردادێت رۆبۆتی kirobo بێ تاقەتی کەم بکاتەوە. رۆبۆتە بچووکە ١٠ ســانتە، هەر بە بەشــێك لە دڵی تویوتا دەژمێردرێت. رۆبۆتی ناوبراو بەهۆی سیستەمی GPS پێشنیارت پێدەکات بە چ رێگایەکدا بڕۆات و گوێ لە چ مۆسیقایەك بگرێت. شایانی ئاماژە پێدانە وشەی kirobo لە ژاپۆنیدا بە مانای (هیوا) دێت.




## سکانەر و مۆبایل پێکەوە

پرۆگـــرام گەلێکی زۆر هەن کە ئەرکیان ســـکانکردنە و تایبەتن بە مۆبایل بە هەموو سیســـتەمەکانەوە، جگە لەوەش ئامێری تایبەت بە ســـکان کردن بـــە مۆبایلیش هەن، یەکێك لەوانە ئامێرێکە بەنـــاوی scan PAD کە بە دانانی مۆبایل لەســـەری دەتوانی لەوەی مەبەســـتە ســـکان هەڵبگریەوە. تایبەتمەندی ئامێرەکـــە لەوەدایە کە بەبێ ئەوەی مۆبایلەکە بلەرزێ ســـکان دەکات. جگە لەو تایبەتمەندییە دەکرێت وەك پایەیـــەك لەکاتی چاتکردن بە مۆبایل ســـوودی لێوەربگری.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

بەڕێزێك دەپرسێت ئەگەر ماوەیەکی زۆر لاپتۆپێك کاری پێنەکرێت ئایا باترییەکەی تووشی کێشە نابێت؟ چونکە لاپتۆپەکەی من وای لێهاتووە..
خوێنەری بەڕێز ئەگەر ماوەیەکی زۆر بۆ نموونە ساڵێك کارت بە لاپتۆپێك نەکرد کە باتری لەسەر بوو، بەڵێ بێگومان تووشی کێشە دەبێت یانی وەك پێویست شەحن نابێتەوە، چونکە کەش و هەوا، وەك شێی و گەرمی و ساردی کاریگەری لەسەر دادەنێت.. بۆیە ئەگەر کار بە لاپتۆپ ناکەی باترییەکە دەربێنە و لە شوێنێکی گونجاو هەڵیبگرە.



## هەر کۆمپیوتەرێک پێویستە ئەو پرۆگرامەی لەسەر بێت

ئەو پرۆگرامەی لێرەدا دەیناسێنین رەنگە لە سەر کۆمپیوتەری هیچ کام لە خوێنەرانی بەڕێز نەبێت ئەگەرچی پێویســـت دەکات هەمـــوو کۆمپیوتەرێك کە کارو ئەرکی بە پرێنت و چاپکردنە ئەو پرۆگرامەی لەسەر بێت، پرۆگرامی pripriinter تایبەتە بە پرێنت کردن، جگە لەو توانـــا زۆرانەی کە ئاماژەیان پێدەکەین دەتوانێت تێچـــووی حیبرێکی زۆر بۆ بەکارهێنەرەکەی بگێڕێتەوە. بەهۆی پرۆگرامی ناوبراو دەتوانی بەرلە چاپکردن بابەتەکە بە شـــێوەی ســـێ رەهەندی ببینی، پاش دابەزاندنـــی پرۆگرامەکە درایڤێك دادەبەزێت. ئێوە دەتوانن کرداری جۆربەجۆری وەك، دەســـتکاری کردنـــی دەق، گۆڕینی فۆنت، گـــەورە و بچووکردنەوەی لاپەڕە، ســـڕینەوەی شـــوێنی بەتاڵ، دیاریکردنی پەراوێزەکان...تاد. لە پرۆگرامەکـــە راســـتەوخۆ دەتوانی فایلەکان بکـــەی بە PDF و هەروەها فایلی JPG. دەتوانی وێنەیەك بە چەندین ســـایز چاپ بکەی...




## تەبلێتە ٢٠ ئینجییەکەی پانـــ

تەبلێـــت بەرەبەرە شـــوێنی لاپتۆپی گرتەوە، کێشی کەمە، یەك پارچەیە و هەڵگرتنی ئاسانە و وزەی باتـــری درەنـــگ دادەبەزێـــت ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی کە تەبلێت شوێنی لاپتۆپ بگرێتەوە، لەم دوو ساڵەدا تەبلێتی شاشە مەزنیش لەلایەن کۆمپانیـــا گەورەکانەوە بەرهەم هاتوون، سامسۆنگ چەند مانگ لەمەوبەر و ئێستاش



# منداڵان و کاتژمێری هۆشمەند

کاتژمێرە سمارتەکان لە جیهانی منداڵانیشدا خۆیان دیتەوە، ئەوەتا کۆمپانیای LG دوو نموونەی کاتژمێری منداڵانی خستە بازاڕەوە کە بە جۆرەکانی Gizmogadget و gizmopal2 ناسراون. بەهۆی ئەو کاتژمێرە هۆشمەندانەوە دایك و باوكان دەتوانن چاودێری منداڵەکانیان بکەن. لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە پرۆگرامێك لە کاتژمێرەکاندا هەیە بەهۆیەوە دەکرێت دایك و باوك و منداڵەکان پێکەوە قسە بکەن و سیستەمی GPSیشی تێدایە دەتوانێت بەشێوەیەکی راستەوخۆ شوێنی منداڵەکان منداڵەکان بە دایك و باوکیان بڵێن، منداڵانیش ناتوانن درۆ لەگەڵ دایك و باوکیان بکەن و فریویان بدەن شوێنی ناڕاستیان پێ بڵێن..



# سایتێک بۆ ناردنی پیرۆزبایی لەدایک بوون بۆ هاوڕێیانی فەیسبوکیت

نازانی هاوڕێیەکانی فەیسبوکت کەی کاتی لەدایك بوونیانە، نیازتە راست لەکاتی لە دایك بوونیان پەیامێکیان بۆ بنێری، تەنانەت ئەگەر خۆشت فەیسبووکت نەکردبێتەوە. سایتی BIRT-DAYFB ئەو سایتەیە کاتێك دەچی سەر سایتەکە ئەکاونتە فەیسبووکیەکەتی پێ دەناسێنی، ئۆتۆماتیکی بەهۆی پرۆفایلی هاوڕێکانت فەیسبووك رۆژی لەدایك بوونی هاوڕێکانت دەزانیێ، تۆ لە ئێستاوە دەتوانی پەیامەکەی خۆت بۆ هاوڕێکەت بنووسی ئەو لە داتاکەی خۆیدا رایدەگرێ و لەکاتی خۆیدا پەیامەکە بەرێ دەکات.





# ماڵەوەت بە کوندەپەپۆ بسپێرە

لەسەردەمی دیجیتالیدا کامێرای چاودێری، بۆ چاودێرکردنی کەلوپەل و ماڵ و کۆمپانیا و شوێنە دارایی و ئەمنییەتییەکان زۆر گرنگە، باوی ئەوە نەما کەسێك، یان سەگێك وەك چاودێر و پارێزەری ئەو شوێنانە دابنێت.. شێواز و کارکردنی کامێرا دیجیتالییە چاودێرییەکان جیاوازن.. بۆ نموونە ئەو کوندەپەپۆیەی کە وێنەکەی لێرەدا دەبینن، ئەمە کامێرایەکی چاودێرییە ناوی Uloیە، کامێرا هۆشمەندەکە لەرێگای مۆبایلەوە کۆنترۆڵ دەکرێت، رەنگی چاوەکانی دەگۆڕدرێت، هەروەها کاتێك یەکێك دێتە ژوورەوە سەیری دەکات و بۆ هەرلایەك بڕوات چاوەکانی بەو ئاراستەیەدا سەیری دەکەن، کاتێك هەست دەکات باترییەکەی دادەبەزێت ئاگاداری بەکارهێنەرەکەی دەکاتەوە. بەهۆی موگناتیسێکی بەهێز بەهەموو شوێنێکەوە دەنووسێت.



# ـــاسۆنیك و سیستەمی ویندۆز ١٠

پاناسۆنیك تەبلێتی ٢٠ ئینجیان بەرهەم هێناوە.
تەبلێتە ٢٠ ئینجییەکەی پاناسۆنیك بە Toughpad FZ-Y١ ناسراوە، کوالیتی نیشاندان لەو تەبلێتەدا K٤ و سیستەمی ویندۆز ١٠ی لەسەرە، رامی تەبلێتەکە ١٦ گیگابایتە، داتای خەزن کردنی ٥١٢ گیگابایتە. تەبلێتەکە بۆ نەخشەسازان و ئەوانەی کاری گرافیکی یان کاری ئەندازیاری دەگەن گونجاوە.